# کشانەوە لەغەززە و خەونی پیکهاتنی دەولەتی فەلەستینی؟

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



کشانەوەی هیزەکانی ئیسرائیل لەناوچەی غەززە یەکیك لە گرنترین رووداوە سیاسی‌یەکانی چەندرۆژی رابردووی رۆژهەلاتی ناوەراستە. بەدوای 35 سال لەداگیرکاری، سەرنجام دەولەتی ئیسرائل سیاسەتی دەستکیشانەوەی خۆی لەناوچەی غەززە وگیرانەوەی بۆسەر دەسەلاتی خۆجی‌ی فەلەستینی‌یەکانی بەریوەبرد. بەپی‌ی نەخشەیەك کە حکومەتی شارۆن دەستی بۆبردووە نزیکەی 25 کەمپی دەستکرد کە زیاتر لە 9هەزار دانیشتووی هینراوی ئیسرائیلیان لەخۆگرتووە هەلوەشاندۆتەوە وگواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی‌تر. لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەی حکومەتی شارۆندا سەرەتا جۆرج بۆش و دواتریش وەزیری دەرەوەی بریتانیا، جاك سترۆ هەریەکەیان پیشوازی گەرمیان لەم هەنگاوە راگەیاند و بەریگایەك بۆ ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا ناساندیان. لەلایەکی تریشەوە ولاتانی دەوروبەر لەوانە میسر و ئەردەن جگەلە دەربرینی رەزامەندی، ئەوەیان راگەیان کە ئامادەن بۆ پاراستنی ئەمنەیەتی ئیسرائیل هیزەکانی خۆیان بۆ هاوکاری فەلەستنی‌یەکان بنیرن و لەسەر هیلەکانی تەماس بەشیوەیەکی کاتی جیگیری بکەن. لەفەلەستینیشدا محمود عەباس سەرۆکی دەسەلاتی خۆجی‌ی، ئەم رووداوەی بەهەنگاویك بۆرزگاری تەواوی ناوچە داگیرکراوەکانی و پیکهینانی دەولەتی فەلەستینی لیکدایەوەو ریکخراوی حەماس وجیهادی ئیسلامیش وەك دەستکەوتیکی مقاوەمەت شادی بۆگیرا. بەلام بەپیچەوانەوە لەناوخۆی ئیسرائیلدا ئەم رووداوە بووەمایەی شەپۆلیك لەنارەزایەتی ئیسرائیلی‌یەکان بەرووی حکومەتی شارۆندا کەحیزبی لیکۆد ودەستەو تاقمی راست و فاشیستی مەزهەبی تیایدا چالاکن.. ئایا ئەم رووداوە دەتوانی هەنگاویك بیت بۆبەدیهاتنی خەونی فەلەستینی‌یەکان لەپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ وگەرمبوونەوەی جاریکی‌تری پرۆسەی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا؟

### کشانەوەی و چۆلکردنی کەمپەکان ئاکامی کام بارودۆخ:

دەستبردنی حکومەتی شارۆن بۆسیاسەتی کشانەوەی هیزەکانی لەناوچەی غەززە و چۆلکردنی ژمارەیەك لەکەمپەکان راستەوخۆ ئاکامی کۆمەلە فاکتۆریکە کە راستەوخۆ لەبارودۆخەکانی ئیستادا هاتونەتە پیشەوە. بارودۆخ لە لەعیراق و دریژەکیشانی جەنگ و نائارامییەك کە هیزەکانی ئەمریکای لەگیژاو و قەیرانیکی بیئاسۆدا راگرتووە، فاکتۆریکە کەتادیت فشارەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەرۆژئاوا لەسەر حکومەتی شارۆن بۆ ئالوگۆر پیدانی رپەلی سیاسی وعەسکەری لەبەرامبەر فەلەستینی‌یەکاندا توند دەکاتەوە. بەتایبەتی بەدوای رووخانی رژیمی بەعس وئامادەبوونی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق لەکاتیکدا کەهەنگاوەکانی پرۆژەی "نەخشەی ریگا" ناچنەپیشەوە راستەوخۆ رابەریتی ئەمریکا دەخاتە ژیر پرسیارەوە وتەوای سیاسەتەکانی لەئاست ناوچەکەدا لەگەل تەنگانە بەرەورووداکاتەوە، حالەتیکی ئاواش بۆ ئەمریکا قابیلی قبول نی‌یە وبەپیویست دەکاتە ئەوەی کەحکومەتی شارۆن ناچاربکات بەدەستبردن بۆکۆمەلە هەنگاویك کەبزواندنی بارودۆخەکان و پیکهینانی ئالوگۆریك لەسیاسەتی لیبکەویتەوە. لەپال ئەمەدا هەستکردنی دەولەتی ئیسرائیل بەگۆشەگیری لەسیاسەتی دەرەکی‌دا وبەتایبەتی لەبەرامبەر دەولەتانی رۆژئاوادا لەسەر دروستکردنی "دیواری جیاکردنەوەی ناوچەکان" وپیکیهنانی" زنجیرەی کەمپی نوی"، تادەگات بەدەستبردنی سیستماتیك بۆسیاسەتی کوشتن وتیرۆر و کاولکردن و دارمانی مال و شوینی فەلەستینی‌یەکان و سەلماندنی هەموو ئەمانەش لەدادگای "لاهای"دا وەك کاریك کەپیچەوانەی یاسا نیودەولەتی‌یەکانە، حکومەتی شارۆنی لەفەزایەکی گۆشەگیری دیبلۆماسیدا راگرتووە. بەلام ئەمانە بەتەنها هیشتا هەموو ئەو بارودۆخە ناخۆیننەوە کە حکومەتی ئیسرائیلی ناچار بەدەستبردن بەکشانەوەی هیزەکانی کردووە، فاکتۆریکی‌تر لەم نیوەدا بەئالوگۆرە نیوخۆی‌یەکانی کۆمەلگای ئیسرائیل وکیشمەکیشی نیوان فەلەستینی‌یەکان و حکومەتی شارۆن دەگەریتەوە. سیاسەتی 35 سالەی دەولەتی ئیسرائیل لەپیناو کۆنترۆلکردنی ناوچە داگیرکرداوەکان و دابینکردنی ئەمنیەتیکی ئەکید لەسەر حسابی تەریك هیشتنەوەی لایەنە فەلەستینی‌یەکان، نیشانەکانی بنبەست وبیئاکامی خۆی لەدەورەیەکدا هیناوەتە پیشەوە کەدەولەت ملی بۆقەیرانیکی ئابووری و کەمی سەرمایەناوە. هاوکات نیگەرانیەکانی حیزبی کارگەرانی ئیسرائیل لەسەر گرفتەکانی ئیستای دەولەتی ئیسرائیل و هینانەدی "پرۆسەی ئاشتی"، خەریکە حکومەتە ئیئیتلافی‌یەکەی شارۆن لەبەردەم لیکترازان دادەنی. ئەمانە بۆ دەولەتیك کەبەردەوام حالەتی جەنگ و میلیتاریزمەکردن تیدەپەرینی، ناتوانی لەسەر سیاسەتیکی پایەدار ومسۆگەر هەنگاوەکانی رابگری.. نمونەی ئەم واقیعیەتە لەشاری غەززەدا بەرجەستەیە. شاریك کەدانیشتوانەکەی نزیکەی یەك ملیۆن و نیودەبی وبەخاتری چەند دەهەزاری یەك لەدانیشتوانی هینراوی ئیسرائیلی کە یەك لەسەر پینجی خاکی شارەکەیان کۆنترۆلکردووە، تەواوی شاریان بەقیمەتی سەرمایەو مەسروفاتیکی خەیالی بۆ خراوەتە ژیر چاودیری‌یەوە. چەك وتەقەمەنی، تەلەبەندکردن، سەدان نوقتەی چاودیری کردن وخالی پشکنین بە هەزاران سەرباز وتانکەوە، ئامرازی ئەلەکترۆنی وکامیرای چاودیری‌کردنی رۆژانە، تا هەزاران پۆلیسی ئەمنی و ناوخۆیی، ئەمانە

هەموویان بەخاتری ئەمنیەتی بەردەوام بۆ ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی ئیسرائیلی، وپیکهینانی جەهەنەمیك کەهەرگیر ناتۆانری تەحمول بکری، بۆ زیاتر لەملیۆنیك و 300 هەزارکەس، دەکاتە کردەوەیەکی مەحال کەبتوانری لەسەردەمی قەیرانی ئابووری و دەولەتیکی گۆشەگیر لەسیاسەتی دەرکیدا دریژەی پیبدری. فاکتۆریکی تریش کەلەمنیوەدا خۆی زیاد دەکات بریتیەیە لە زیادبوونی ریژەی دانیشتوانی فەلەستینی وچربوونەوەی لەچاو نفوزی دەولەتی ئیسرائیلدا، لەحالیکدا کەلەوپەری بیمافی وسەرکوت وبیدەرەتانیدا ژیان بەسەردەبەن فرسەتی ئەوەی داوەتە دەست هیزە فەلەستینیەیەکان کە بەردەوام مەنفەزەکانی کاری خۆتەقاندنەوەو پەلاماردان بدۆزنەوە و هەموو نەخشەیەکی ئەمنی ئیسرائیلیەیەکان لەگەل شکستدابەروە روبکەنەوە. بەم حالەوەیە کە لەسالی رابردوودا زیاتر لە 6000 هەزار رۆکیتی فەلەستینی خۆی کیشاوە بەو کەمپانەدا کە ئیسرائیلیەیەکان تیدا نیشتەجین و سەدان کردەوەی سەربازیش لەدژی هیزەسەربازیەیەکانی ئیسرائیل بەریوەبراوە.. ئەمانە هەموویان شاری غەززەیان بەیەکیك لەخالە لاوازەکانی حکومەتی شارۆن گۆریووە، کەلەمیژە بۆتە جیگای تیرامان وقسەوباسی نیو کیتلە سیاسیەیەکانی دەولەت.. بەلام دەستبەرداربوونی غەززە بی مەرام وبی سیاسەتیکی ئیستراتیژی نیەیە.

**سیاسەتی یەك لایەنە و ئیستراتیژی شارۆن:**

سیاسەتی دەستکیشانەوە لەغەززە لەبنەرەتەوە پرۆژەی حیزبی کارگەرانی ئیسرائیل بوو کە شارۆن لەسالی 2001دا موخالەفەتی توندی لەبەرامبەردا دەربری و بەمهۆیەوە توانی دەورەی ئینتخابات بباتەوە وبەرەو گرتنی جلەوی دەسەلات هەلکشی. بەلام بۆچی شارۆن لەئیستادا تەسلیم بەگرتنی کیشانەوەی هیزەکانی خویی و چۆلکردنی غەززە بووە؟

مەرگی عەرەفات و گرتنی سەرۆکایەتی دەسەلاتی خۆجیی فەلەستینیەیەکان لەلایەن محمود عەبباسەوە، دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم ئیستراتیژی حکومەتی شارۆندا کردەوە بۆخوقوتارکردن لەوبەلینانەی کەلەچوارچیوەی "نەخشەی ریگا"وپرۆسەی ئاشتی دا ئیمزای لیدابوو. ئیستا شارۆن یەك لایەنە وبەبی گەرانەوە بۆ دانوسان و پەیرەویکردن لەبەندەکانی "نەخشەی ریگا"، خەریکی چۆلکردنی غەززەیە. لەمبارەوە بریارنیەیە نە ریکەوتنیك و پرۆسەیەکی ئاشتی لەئارادابیت، وەنە بریاریاری پیکهینانی دەولەتیك بۆفەلەستینیەیەکان لەگۆردابیت، تەنانەت بریارنیەیە ئەم هەنگاوە بیتە مایەی راگرتنی شەری فەلەستینیەیەکان ومقاوەمەتیك کەلەئارادایە. لەیەك وتەدا غەززەی ئیستا کەنارەکانی "سینا" نیەیە کەبەدوای گری بەستی "ریکەوتن نامەی سینا"ی نیوان میسر و ئیسرائیل چۆلکرابیت، بەلکو ئەمە هەنگاویکی سیاسی و یەکلایەنەیەی حکومەتی شارۆنە کەیەکیك لەگۆشە میحوەریەیەکانی ئیستراتیژی ئەم دەورەیەی دەولەتی ئیسرائیلدا جیگای هەیە.

لەچەند سالی رابردوودا بەحوکمی واقعیەتەکانی پیشوو کەئاماژەمان پیدا غەززە بەناوچەیەکی فەرعی لەسیاسەتی ئیسرائیلدا گۆردراوە، چۆلکردنی غەززە لەباری تاکتیکیەیەوە بۆ حکومەتی شارۆن راگرتنی پشتیوانەی ئەمریکا وگەشانەوەی نفوزی سیاسی ئەوە لەوولاتانی ئەوروپادا، تا حکومەتەکەی لەو گۆشەگیریەیەی ئیستا دەربازبکا کەتێی کەوتووە. لەلایەکیتریشەوە دەستبردن بۆکشانەوە لەناوچەی غەززە لەسەر بناغەی خۆقایمکردنی دەولەتی ئیسرائیلە لەناوچەکانی کەناری خۆرئاوای فەلەستیندا و بەهیزکردنی "پشتینەی سەوز"ی ئەمنی وناوچە ئەسلیەیەکانیەیەتی، کەراستەوخۆ کۆمەك دەکات بەرەهاکردنی حکومەتی شارۆن لەمەسرفات و سەرمایەیەکی جەنگی کەلەغەززەدا بەکاری بردووە. کاریکی ئاوا بەکردەوە پیکهینانی دەولەتی فەلەستینی نامومکین دەکا. بەپیچەوانەی خەونی حەماس و ریکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینەوە، چولکردنی غەززە بەچەقبەستنی نفوز و جیگیرکردنی چەندین کەمپی تازە و نیشتەجیکردنەوەی دانیشتوانی ئیسرائیلیەیە لە کەناری رۆژئاوا و رۆخی ئەردەندا، کەبەمەش دەلاقەیەکی سوکانی وعەسکەری لەبەردەم هەرپرۆژەیەکدا پیکدینی کەبتوانی ناوچەی فەلەستینیەیەکان پیکەوە گری بداتەوە ودەولەتیان لیپیکبهینی. کاریکی ئاواش چەند دەستکەوتی سیاسی وئەمنیەتی بۆ شارۆن و حکومەتەکەی دینیتە دی، یەکەمیان ئەوەی کە هیزەکانی خۆی لەناوچەکانی داگیرکراوەکانی نزیك بە"هیلی سەوز" بەهیزتر وبەتەکلیفەی کەمترەوە رادەگری و دووەمیش خودی چۆلکردنی غەززە کەبەتەبیعەت دەکەویتەدەست سەرۆکایەتی محمود عەبباسەوە ئەوفرسەتە دەدات بەشارۆن تالەژیر ناوی ئەمنیەتی ئیسرائیل و بنبرکردنی تیرۆریزمدا شەرت ومەجی خۆی بخاتەروو، لەوانە داواکردن بۆ چەك کردنی حەماس وبەشەردانی گروپە فەلەستینیەیەکان لەبەرامبەریەکدا. بەلام ئەمە هیشتا ناتوانی هەموو گۆشەکانی ئیستراتیژی هاتنە مەیدانی یەك لایەنەی حکومەتی شارۆن لەچۆلکردنی غەززەدا بەیان بەیان بکات، لایەنیکی ئەم سیاسەتە خودی پیکهاتی حکومەتی ئیستا و ئیئتیلافاتیکە کەشارۆن ناتوانی بەحسابیان نەهینی. نیگەرانی لەریزەکانی حکومەت و هەرەشەی چوونەدەرەوەی حیزبی کارگەرانی ئیسرائیل لەکابینەی شارۆن، تافشارەکانی خوارەوەی کۆمەلگا و داواکاری بۆ دەربازکردنی ژیانی خەلکی لەکوشتن و تیرۆر و هەلومەرجی دلەراوکیٚ، کەرۆژانە ئارامی لەهەمووان بریوە، حکومەتی شارۆنی ناچارکردووە بەهەنگاویك بۆ خاوکردنەوەی بارگرژیەیەکانی ناوخۆ، بەتایبەتی کە هەلبژاردنەکانی داهاتوو بەریوەیە. لەم بارەوە شارۆن ئامادەیە دەستکیشانەوە لەناوچەیەکی فەرامشکراوی وەك "غەززە" بەخالیکی ئیستراتیژی خۆی بگۆری. ئیتستراتیژیەیەك بەبی ئەوەی هیچ خزمەتگوزاریەیەك بەفەلەستینیەیەکان پیشکەش بکا و یەکلایەنەش لەمیداندا گرەوی هەلبژاردنەکان لەئیسرائیلدا بباتەوە.

**داهاتووی حکومەتی شارۆن:**

بیگومان ئیستراتیژی‌یەك كەشارۆن لەكشانەوەی غەززەدا بەدەستی‌یەوە گرتووە، بەبی ریگری وبەربەرست ناتوانی بچیتە پیشەوە، سەرەكیترینی ئەو بەربەستانەی كەهەرەشە لەداهاتووی حكومەتی شارۆن وهاتنەوە سەركاری دەكات، خودی كیشمەكیشەكانی نیوحیزبی لیكۆد و رەوتی سەرهەلدانی ناسیونالیزمی توندرەوی ئیسرائیلی‌یە.

چۆلكردنی كەمپەكانی غەززە كەهاوكاتبوو لەگەل سەرهەلدانی شەپۆلیك لەنارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن نەك هەرلەنیو دانیشتوانی كەمپە چۆلكراوەكان و خەلكی ئیسرائیلی‌دا، بەلكو لەنیوكابینەی حكومەت و دەزگاكانی دەولەتدا، ریگریەكی گەورەی رووبەرووی شارون كردۆتەوە. هەلكشان وپەرەگرتنی رەوتی فاشیستی و توندرەو ومیللی ومەزهەبی، لەنیو حیزبی لیكۆد و ئیسرائیلی‌یەكاندا، كەناتانیاهۆی وەزیزری دارایی بەرەو دەست لەكار كیشانەوەبردووە، هەرەشەیەكی گەورەی لەبەردەم حكومەتی شارۆندا هیناوەتەپیشەوە. ئیستا ئیتر ئەوە فەلەستینی‌یەكان نین كەلەبەرامبەر شارۆندان، بەلكو ئەوە راست وفاشیستەكانی ناو حیزبی لیكۆد خۆیەتی كەشارۆن رەهبەری‌یەكەی بەدەستەوەیە و خەریكە هەرەشەكانی خۆی توند دەكاتەوە. بناغە وریشەكانی ئەم دیاردەیە لەكوی‌دایە؟

چۆلكردنی ناوچەیەك كەدانیشتوانەكەی هەژارترین و بینەواترین كەسانیك پیكدینی كەلەخودی فەرهەنگی دەولەتی ئیسرائیلدا بەئینسانی پلە سیهەم و چوارەم بەحسابدیت، دانیشتوانیك كەلەریزی پیشەوەی قوربانییەكانی جەنگ و تیرۆر و كوشتاردا راوەستاون، دانیشتوانیك كە ریژەی نەخویندەواری و بیكاری تیایدا لەهەموو شوینیكی‌تر زیاترە وتەنانەت وەك كەسانی نامۆ بەشاریك خۆیان بنوینن چون دەتوانی ببیتە سەنتەری نارەزایەتی و هیزیك بۆ ناچاركردنی دەولەت؟ ئایا باشتری‌یە ئیسرائیلی‌یەكانی نیو كەمپەكانی شاری غەززە بەچۆلكردنیان گولبارانی سەربازەكان بكەن تائەوەی یاخی بوون و مانگرتن رابگەیەنن؟ بەراستی حیكمەتی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە لەچی‌یدایە؟!

وەلامیك بەم پرسیارنە هەر لیكۆلەرەوەیەكی بەویژدان دەباتەوە سەرئەوەی كەبلیی فەناتیزم و دەمارگیری ئاینی و قەومی كەخودی حیزبی لیكۆد و شارۆن بەرهەمیهنەروو رابەریەتی، تاكە سەرچاوەی دیاردەیەكی لەم بابەتەیە. ئیستا ئیتر رۆشنە كەئەو رەگەزپەرستی و ناسیونالیزمی توندرەو و ئەوفاشیستی‌یە مەزهەبی‌یەی كەلەبەرامبەر فەلەستینی‌یەكاندا دروستكراو و پەری پیدار، ئیستا یەخەی حكومەتی شارۆنی گرتۆتەوە..

بەپیچەوانەوە هەنگاوی چۆلكردنی غەززە ناتوانی بۆهیچ لایەك ئاشتی و ئارامی بهینی، بەتایبەتی كەهیشتا فاكتۆری ئەوە لەگۆردایە كەنەك هەر چارەنوسی حكومەتی شارۆن بەلكو ژیان و ئەمنیەتی ناوچەكە بەدەست راست و فاشیزمی قەومی و مەزهەبی‌یەوە چ ئیسرائیل و چ ناوچەكە بەخوین وپیكدادانیكی گەورەدا بكیشی. پریشكەكانی ئەم داهاتووە هەرئیستا لە كیشمەكیشەكانی نیوخۆی حیزبی لیكۆد و هەنگاوەكانی ناتانیاهۆدا بەرجەستەیە.

## دەولەتی فەلەستینی پرۆژەیەكی ناتەواو:

پیكهاتنی دەولەتی فەلەستینی، پرۆژەیەكی ناتەواو وجیماوە. بەپیچەوانەی تەبلیغاتی رۆمانسانەی ریكخراوی رزگاری خوازی فەلەستین و هات و هاواری پۆپۆلیستی وگیرانی شادی، گروپەكانی حەماس وجیهادی ئیسلامی یەوە، چۆلكردنی غەززە نەك بەقازانجی خەونیك نی‌یە كەفەلەستینی‌یەكان بەچارەسەری كیشەی خۆیانی دەزانن، بەلكو راپیچدانی پەیوەندی نیوان فەلەستینی‌یەكان و حكومەتی ئیسرائیل و گشت ناوچەكەیە بۆدەوەرەیەكی تازە لەجەنگ و كیشمەكیشی خویناوی كەهیچ ئاسۆیەكی لەبەرنی‌یە. بریارنی‌یە هەردوای 35 سال ئیسرائیل پارەچە زەوی‌یەك بۆفەلەستینی‌یەكان بگیریتەوە، ئەویش بەوحالەوە كە ناوچەیەكی تر لەنیو چەقبەستنی سەرباز وتانگ و كەمپەكاندا رابگری. بریارنی‌یە چارەنوسی خەلكی فەلەستینی كەرۆژانە لەنیو دەریای كوشتن و گەمارودان و كاولكاری و ریگەبەستن و دیواردروستكردن و ژیرپینانی هەموو ماف و ئازادی‌یەكدا، رابگیری و بەچۆلكردنی پینج یەكی خاكی شاریك داهاتووی بنەخشیندریت.. سیاسەتیكی ئاوا زۆرتر فریاگوزاری شارۆن و بۆرژوازی و راستی كۆمەلگای ئیسرائیلیە، كە ئەمریكاو ئەوروپاش لەسەر خوانی دانیشتوون.

خەلكی فەلەستین و ئاشتی لەرۆژ هەلاتی ناوەراست دەبی لەم بازنەیە وكایەی حكومەتی شارۆن و فاشیزمی مەزهەبی وقەومی ئیسرائیل و ئەمریكاو دەولەتانی رۆژ ئاوا بیتەدەری. ئەوە بەرەی ئازادیخواز و ئینسان دۆست و سكۆلاری نیو كۆمەلگای ئیسرائیلە كەبەپلەی یەكەم بۆبەدیهنانی ئارامی كۆمەلایەتی بینە مەیدانەوە و چارەنوسی فەلەستین و خەلكی ناوچەكە لەگەمەی شارۆن وبۆرژوازی ئیسرائیل دەركیشن. بریاردان لەسەر دەولەتیكی فەلەستینی كەماف و ئیختیاراتی یەكسانی لەگەل دەولەتانی ناوچەكەدا هەبی، تەنها ریگای كوژاندنەوەی ئاگریكە كەسەریكی بەدەست ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی فەلەستنی‌یەوەیەو سەرەكەی تریشی لەدەست شارۆن و لیكۆد و فاشیزمی قەومی و مەزهەبی‌ئیسرائیل دایە.

2005/8/24